www.kurdistannet.org
28-6-2006 0:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گۆڕستانێکی کۆچەری ... سەلاح محەمەد

دەنگدانەوەی عیشق ئەیبەستێ
دڵ وەک سواڵکەرێکی بچکۆلە
ویستگەیەک نیە لەژێریا ڕابوەستێ

❊

تەنیایی وەک بەفر ئەبارێ
ڕێگاکان بەرگی بوکێنی
خۆشەویستی
چ مرۆڤێکی عەزرەتی
ئەمشەو ئەگرێ؟

❊

ئێستا منم یا فەنارە
چریسکە لە گیانمان هەڵئەستێ
ئەمشەو دەریا
یا چاوەڕوانی من لا ئەدا
یا سەرخۆشێکی بێ نەوا
لە بەر پەنجەرەی شەوانی
بێ هودەیی دنیا ئەدا

❊

نە و ئەی گۆڕستانی کۆچەری
کۆترێ دێ
لە چاوانت ئەخواتەوەو
لە شەقەی باڵ ئەداو ئەفڕێ
هێندەش لێی وورد مەبەرەوە
سۆزێکی شێتانە دات ئەگرێ
پەنجەکانت وەک مێرووله
بڕست لە گشت گیانت ئەبڕێ.